**مانگرتنی خوێندکارانی زانكۆی سەلاحەدین**

خوێندکارانی کۆلێژی ئەندازیاری زانكۆی سەلاحەدین ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 3/11/2007 بۆ گەڕاندنەوەی یاسای عبور مانگرتیان ڕاگەیاند. یەکێك لە خوێندکارە مانگرتوەکان دەڵێت کە لە پێناو گەڕاندنەوەو پەیڕەو کردنی سیستەمی پەڕینەوە لە زانكۆکاندا مانگرتنمان ڕاگەیاند وە یاداشتێکیشمان ئاڕاستەی وەزیری خوێندنی باڵا کردوە تیایدا چەند داوایەکمان خستۆتە ڕو بۆ جێبەجێ کردنی کە لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە لەوانەش پەیڕەوکردنی سیستەمی پەڕینەوەیە، پێدانی موچە و داخلی بۆ ئەوانەی بونەتە دوساڵە کە موچەو داخلی شمولیان ناکات . هەروەها دەڵێت کە "ئێمە ئەمڕۆ بەڕەسمی مانگرتنمان ڕاگەیاند و بەردەوامیش دەبین لە مانگرتن تا ئەو کاتەی سیستەمی پەڕینەوە لە زانكۆکاندا پەیڕەو دەکرێت

**دکتۆرە نیان نەوشیروان فواد مەستی**

د. نیان مەستی کە پلەی یاریدەدەری پرۆفیسۆرەو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا و ماوەی چەندین ساڵە وەك مامۆستا وانە دەڵێتەوە لەبەشی عەرەبی و خوێندنی باڵاَ و ئەزمونێکی باشی هەیە لە ڕووی ئیداری و زانستیەوە و خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستی ئەدەبیە، وەك سەرۆکی نوێی بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی زمان لەزانكۆی سلێمانی دانراو دەستبەکاربوو.
."کوردش ساینتست" پیرۆزبایی لە د.نیان دەکاتو هیوای سەرکەوتنی لەکارەکانیدا بۆ دەخوازێت

**مانگرتنی خوێندکارانی کۆلیجی پزیشکی زانكۆی هەولێر 10/10/2007**

نزیکەی 350 خوێندکاری قۆناغی چوارەمو پێنجەمی کۆلیجی پزیشکی زانكۆی هەولێر ماوەی چەند ڕۆژێکە مانیان گرتوە بەهۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندندا. هۆی مانگرتنەکە ئەوەیە کە خوێندکاران ساڵی پار لەسەر سیستەمی خوێندنی ساڵانە دەرۆیشتن بەڵام ئەم ساڵ ئەو سیستەمە گۆڕدراوە بۆ سیستەمی کۆرسات و خوێندکاران بە زەحمەتی دەبیننو دەڵێن کە توانای ئەو هەمو تاقیکردنەوانەیان نیە لە ماوەیاکی کورت

**زانكۆی سلێمانی 3600 خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی 2007-2008 وەردەگرێت**

بەڕێوبەری تۆمارگای گشتی زانكۆی سلێمانی رایگەیاند : لە مانگی 5ی 2007دا وەزارەتی خوێندنی باڵاَ داوای لەتۆمارگای گشتی زانكۆکان کردوە کەرێژەی وەرگرتنی خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی 2007-2008 لەلایەن کۆلیجەکانەوە دەستنیشان بکرێت وە لەئەنجامدا دەرکەوت کە زانكۆی سلێمانی لەتوانایدایە تەنها (3600) خوێندکار بۆ ئەمساڵ وەربگرێت.

لەبارەی وەرگرتنی خوێندکارە عەرەبەکان، بەرێوبەری تۆمارگا دەڵێت: ئەوخوێندکارە ئەبێ دایك و باوکی دکتۆری زانكۆ بن، یاخود خزمەتێکی گەورە بە هەرێمی کوردستان بگەیەنن ئینجا ئەوکاتە زانكۆ ئەو خوێندکارانە قبوڵ دەکات

**سەرۆکی زانكۆی ئەمەریکی لەسلێمانی بەتۆمەتی کاری سێکسی دەرکراوە**

سەرۆکی زانكۆی ئەمەریکا لە سلێمانی.. ئۆوین کارگۆل لەساڵی 2001دا بەتۆمەتی ئەوەی کەهەوڵیداوە کاری سێکسی لەگەڵ فەرمانبەرێکی پیاو لەزانكۆی ئاریزۆنا بکات، ناچارکراوە دەست لەکاربکێشێتەوە

زانكۆی ئەمەریکی لەسلێمانی کە 31ی ئابی ئەمساڵ کرایەوە کەسێکیان بە سەرۆکی زانكۆکە داناوە کە پێشتر لەساڵی 2002وە تا 2006 سەرۆکی زانكۆی ئەبوزەبی بووە لەئیمارات. ئۆوین کارگۆل لەساڵی 2001دا بۆ ماوەی چەند مانگێك سەرۆکی زانكۆی باکوری ئاریزۆنا بووە. رۆژنامەی (ئاریزۆنا ریپەبلیك) کە رۆژنامەیەکی ئەمەریکییە لەسەرنابراو لە ڕۆژی 15/11/2001 راپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا هاتووە فەرمانبەرێکی پیاو لە زانكۆی باکووری ئاریزۆنا ئیدیعا دەکات کە سەرۆکی پێشووی زانكۆکە رەفتاری جنسیانەی نەویستراوی بەرامبەری نواندووەو (ئی مەیل)ی بۆ ناردووە.
ئۆوین کارگۆل پاش ئەوەی رووبەرووی ئەو ئیدیعایە کراوەتەوە تەنها بۆ ماوەی چەند مانگێك سەرۆك بوو، پاشان دەستی لەکارکێشاوەتەوە... کارگۆل کە خێزاندارەو باوکی دوو منداڵە، بە رۆژنامەکەی گوتوە کەپەیوەندی لەگەڵ فەرمانبەرەکەدا هەبووە، بەڵام .لێکدانەوەی خراپی بۆ کراوە

**رێکخراوی کۆیکا** (له میدیای زانکۆوه

رێکخراوی( کۆیکا)ی سەر بە کوریای باشوور بەبڕی یەك ملیۆن وپێنج سەد هەزار دۆلار کەل و پەلی زانستی وەك هاوکاری پێشکەش بەزانکۆی سلێمانی کرد. لەوبارەیەوە مامۆستا عباس مصطفی سەرۆك بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی ڕاگەیاند: لەنێو ئەو کەل و پەلە زانستیانەی کەرێکخراوی ناوبراو لەهەولێرەوە پێشکەش بەزانکۆی سلێمانی کرد، تاقیگەیەکی دەنگی بۆ بەشی ئینگلیزی _ کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی هەروەها چەندین کەرە ستەی زانستی دیکە بۆ کۆلیژەکانی زمان ، دروستکردنی هۆڵی وانەوتنەوە بەنوێترین شێواز و هۆڵێکی دیکە بۆ سیمینار لەکۆلێژی زمان بۆ فێرکاری و گفتوگۆی ماستەرو دکتۆرانامەکان بەکار دەهێنرێت . رونیشکردەوە 4 مانگ لەمەوپێش دابینکردنی ئەم کەل و پەلانە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و لەگەڵ رێکخراوەکەدا گفتوگۆیان لەبارەی هەماهەنگی و هاوکاری رێکخراوەکە بۆ زانکۆی سلێمانی کردوە و ئەمڕۆ هاوکاریەکەمان پێگەیشت.

**وەرگرتنی قوتابیانی ئێزدی و شەبەك لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان**

ڕۆژی 2007\9\19 د. ئیدریس هادی سالح وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێشوازی لە د. دەخیل سەعید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئێزدییەکان و پیر خدر سلێمان و عزەدین باقەسری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەکات. لەو دیدارەدا میکانیزمێك دادەنێن بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو قوتابییە ئێزدی و شەبەکانە کە لە پارێزگای موسڵ و دەوروبەربوون. وەزیری خوێندنی باڵا لەقسەکانیدا جەختی کردەسەر کار ئاسان کردن بۆ وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیانی ئێزدی و شەبەك و هی دیکە لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان.

**مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین مان دەگرن**

پاش ئەوەی دەرماڵەی مامۆستایانی زانکۆ لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بڕدرا، مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین ناڕازین لەو بڕیارە و بە نیازن نەچنە هۆڵی وانە وتنەوە. ئەمڕۆ 18/9/2007 لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سەڵاحەددین لە شاری هەولێر مامۆستایانی گشت کۆلێژەکان کۆبوونەوەی خۆیان سازدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان لە بەرامبەر بڕینی دەرماڵەکانیان. لەو بارەیەوە مامۆستا عەلی عەبدولڕەحمان مامۆستای کۆلێژی شەریعە وتی "پێشتریش جارێکی تر ئەو دەرماڵەیان لێبڕین، پاشان بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرماڵەکەیان بۆ گەڕاندینەوە"، هەروەها وتیشی "وانەی مامۆستایەکی ماستەر کە تەرقییەی نەکردبێ 30 دیناری سویسری بوو، گوتیان لەبەر ئەوەی هەمان ئەو ئیمتیازەی مامۆستایانی بەغداتان دەبێ 30 دینارەکەیان کردە 6 دیناری سویسری، واتە مامۆساتیەك رۆژێك موحازەرە بداتەوە بە 6 دینار لەماڵەوە بە تەکسی دەچێتە شوێنی وانە وتنەوە واتە ئەو مامۆستایە چ قازانجێکی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا 6 دینارەکەش نادەن"، مامۆستا عەلی ئاماژەی بەوەشدا کەوا تا ئێستا مامۆستاکانی زانکۆ پارەی موحازەراتی پاریان وەرنگرتووە، لە درێژەی قسەکانیدا وتی "تورکیا بەو گەورەیەی خۆیەوە بەقەد عێراق کوردی تێدایە، 24 وەزارەتی هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان 16 کەسین 42 وەزارەتمان هەیە، با وەزارەتەکان بکرێتە 21 وەزارەت و نەسریەی وەزارەتەکانی تر بخرێتە خزمەت بوارەکانی تر". پاشان مامۆستا یادگار لەتیف مامۆستای کۆلێژی پەروەردەی بنیات، وتی "ئێمە لە 13/8 ەوە داوامان کردووە کەچی تا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، ئەمەش پڕۆسەیەکی سوکایەتیکردنە بە مامۆستایان"، ئەو باسی لە چۆنیەتی جیاوازیکردنی نێوان مامۆستا کوردەکان و مامۆستا عەرەبەکان کرد و وتی "لە هەمووی ناقۆڵاتر ئەوەیە مامۆستای کورد هەیە 500 هەزار تا 700 هەزار موچەکەیەتی کرێچیە و دەرماڵەی کرێخانووی بۆ سەرف ناکرێ، کەچی مامۆستایەکی عەرەب 600 هەزار دەرماڵەی کرێچێتی بۆ سەرف دەکەن، باشە ئەم جیاوازیە لەپای چی، ئێمە لێرەین موخەسەساتمان لێدەبڕن کەچی سەرەڕای ئەوە پارەی کرێخانوو بۆ عەرەبەکان سەرف دەکەن؟"، ئەو باسی لەوەش کرد کە ئەوە بۆتە هۆی ناڕەزایی مامۆستایانی کوردستان. (له جەماوەرەوە وەرگیراوە)

**سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وپارێزگاری سلێمانی سەردانی کەمپی نوێی زانکۆ دەکەن** (له میدیای زانکۆوه

ڕۆژی 16-9 دانا ئەحمەد مجید پارێزگاری سلێمانی و دکتۆر عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی سەردانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانیان کرد لەقلیاسان .

ئازاد عوسمان یاریدەدەری بەڕێوبەری پرۆژەکە بەسایتی زانکۆ میدیای راگەیاند کە کۆلیژی وەرزش و هونەرو کۆمپیوتەر تەواوبوون

و تەسلیم بەسەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی دەكرێنەوە وتیشی ئەم پرۆژەیە لەلایەن هەردووكۆمپانیای گەشەو تەپەی توركیەوە بەبڕی .185ملێۆن دۆلار جێَبەجێ َدەكرێت و لە 16بینای كۆلیج و 18 بینای ناوخۆی پێكهاتوە و 20-4-2010 تەواو دەبێت

**ماستەرنامەی خوێندكار گوڵبەهارفتح ﷲكريم** (لە میدیای زانكۆوە

رۆژی16-9 گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندكار (گوڵبەهارفتح ﷲكريم) لەكۆلیژی زانست، بەشی بایۆلۆجی- زانكۆی سلێمانی لەهۆڵی ڕووناكی ، لەژێرناونیشانی بەڕێوەچوو، بەئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و پاش (4) كاتژمێرلە گفتوگۆكردن لەئەنجامدا ماستەرنامەكە بەپلەی( نایاب) وەرگیرا. لیژنەكە لەم بەرێزانە پێكهاتبوون:

| | | |
|---|---|---|
| پ. د. حسین حسن | زانكۆی كەركوك | سەرۆكی لیژنە |
| پ.ی.د. عەلی عبدالرحمان عەسكەری | زانكۆی سلێمانی | ئەندام |
| د. سەهەند كمال الدين عارف | زانكۆی سلێمانی | ئەندام |
| د. جزا فەرەج سالح | زانكۆی سلێمانی | ئەندام و سەرپەرشتیار |

ناونیشانی ماستەرنامە

Identification of E coli by using phenotypic markers and DNA markers based on PCR

**بووجەیەكی بەنرخ بۆ زانكۆكان**

بەڕێز د. ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا ڕایگەیاند كە پانزە ملیۆن دۆلار لە بۆجەی وەزارەت دانراوە بۆ كڕینی ئامێرو بابەتی لابۆر وە 3.5 ملیۆن دۆلار بۆ دابینكردنی كتێب و جۆرناڵ بۆ زانكۆكانی كوردستان . جەنابی وەزیر هەروەها ڕایگەیاند كە چەند زانكۆیەكی ئەهلی و جەندكۆلیژێک دەكرێنەوا لە كوردستان وەک زانكۆی ئەمریكی لە سلەیمانی و دوانی دیكە و زانكۆیەكی لوبنانی لە هەولێر

**كۆڕیكی سێمینار لە مانچستەر**

رۆژی 30/6/2007 لە یەكێک لە هۆڵەكانی زانكۆی مانچستەر ڕێكخراوی (كسا) كۆبونەوەیەكی سازكرد ، شایانی باسە كە ئەم كۆبونەوە زانستیانە ماوەی چەند ساڵیكە بەبەردەوامی هەمو سێ مانگ جارێک سازدەكرێتو تیایدا جۆرەها سێمینار پێشكەش دەكرێت وە ئەمجارە بەر شاری مانچستەر كەوت. ڕێكخراوی "شیک" لە ژێر بابەتی " شیكی نوێ و ماڵپەڕی كوردش سایەنتست " بەشداری لە كۆڕەكەداكرد . ئەم بابەتە لە لایەن د. شیروان غەفور و د. هێمن موفتی پێشكەش كرا . چەند بابەتێكی كە لەلایەن د. جێرارد گۆتیەر ، د. رەنج شاوەیس ، د. چۆمان هەردی ، د. دیلان ڕۆشانی و د. تیشک شاوەیس پێشكەشكران

**سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ زانكۆی دهۆک**

سەرۆک بارزانی لەكاتی سەردانەكەی بۆ زانكۆی دهۆک دو پێشنیاز ڕەتدەكاتەوە . یەكەمیان پێشنیازێكە كە بڕوانامەی دكتۆرای فەخری بدرێت بە كاک مەسعود ، دوهەمیان ئەوەیە كە ئەو رۆژی سەردانە بكرێت بە رۆژی زانكۆ . شایانی باسو ڕاگەیاندنە كە كاک مەسعود هەردو پێشنیازەكە ڕەتدەكاتەوەو بە كارێكی دكتاتۆری وەسفی دەكات

**زانكۆی دهۆک**

لەرۆژی 23/6 دا قونسلی بەریتانیا لە هەولێر سەردانی زانكۆی دهۆكی كرد و لەلایەن د. عصمت محمد پێشوازی لێ كراو لەكۆبونەوەكەدا د. عصمت باسی گرنگی ڕۆلی قونصلی بریتانیای كرد بە تایبەتی دەربارەی ڤیزە ئاسانكردن بۆ مامۆستایانی زانكۆ . بەتایبەتی لە كاتی بەشداریكردنیان لە كۆنفرانسە زانستیاكاندا

**نوسینگەی زانكۆی یەرموك لە سلێمانی داخرا**

قائیمقامی قەزای مەركەزی سلێمانی رایگەیاند بە بڕیاری پارێزگاری سلێمانی و بەهۆی نەبوونی مۆڵەتەوە نوسینگەی زانكۆی یەرموك لە سلێمانی داخرا.

زانا مەحەمەد، قائیمقامی قەزای مەرکەز، بەئاژانسی هەواڵی سەربەخۆی (دەنگەکانی عێراق) ی راگەیاند "بە بڕیاری پارێزگاری سلێمانی نوسینگەی ئەو زانکۆیەمان داخست چونکە نەمۆڵەتی پارێزگای هەیە، نە لە وەزاەتی خوێندنی باڵا نە لە زانکۆی سلێمانی مۆڵەتی وەرنەگرتووە."
وتیشی"تائێستا نزیکەی 80 کەس ناوی خۆیان بۆ خوێندن لەو زانکۆیە نوسیوەو پارەیان لێوەرگیراوە، دەبێت پارەکەیان بدرێتەوە."
زانکۆی یەرموك، کە لەساڵی 1996 لەعێراق دامەزراوە، زانکۆیەکی ئەهلیە و لە بەشەکانی زمان و یاسا و پزیشکی ددان و پزیشکی شیکاری نەخۆشی و زانستی ژمێریاری و ئاداب پێکهاتووە.
زانکۆی ناوبراو لە کۆتایی مانگی تەمووزی رابردوودا لە سلێمانی نوسینگەیەکی کردەوە بە مەبەستی وەرگرتنی خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی .2008 – 2007 ... لە لایەن خۆیەوە ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا بێئاگایی خۆی لەکردنەوەی کۆلێژەکە دەربڕی وتی"ئەو کۆلێژە هیچ مۆڵەتێکی لەئێمە وەرنەگرتوە، بۆیە دەبێت پارێزگاری سلێمانی دایبخات." وتیشی"لەئێستاوە دەستدەکەین بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو زانکۆیە و ئیجرائاتی خۆمان دەکەین. پێشتریش بەرپرسێکی ئەو زانکۆیە رایگەیاندبوو کە ئەوان .مۆڵەتیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغداد وەرگرتووە پێش ئەوەی لقی زانکۆکە لە سلێمانی بکەنەوە

**کۆنفرانسی خوێندنی باڵا لە هەولێر**

بەڕێز د. ئەحمەد دزەیی بەڕێوەبەری پەیوەندییە زانستیەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەولێر پایتەختی کوردستانی عراق نامەیەک ئاراستەی "شیک" دەکات دەربارەی ئەو کۆنفرانسەی کە لە هەولێر دەکرێت لە 4-6 ی مانگی سەپتەمبەری 2007 دا . لە نامەکەیدا بە درێژی باسی ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو کۆنفرانسە دەکات کە لەژێر ناوی "بەرەو پەرەپێدانی خوێندنی باڵا" بەڕێوە دەچێت

**نامەیەک لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ڕێکخراوی شیک**

وەزیری خویندنی باڵا لە کوردستان بەڕیز دکتۆر ئیدریس هادی وەڵامنامەیەک ئاراستەی شیک دەکات ئەمەش دەقی نامەکەیە

بۆ بەڕێز د. شیروان نوری غەفور سەرۆکی ڕێکخراوی شیک لە لەندەن

دوای ڕێزو سڵاو

پێشەکی پیرۆزبایی لە ئێوەو ئەندامانی تازەی ڕێکخراوەکەتان دەکەم وە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم . لە هەمان کات سوپاسی خۆمانتان ئاراستە دەکەم بۆ هەوڵ و کۆششتان کە پێشکەشی زانکۆکانی کوردستان دەکەن و کردوتانە ، هەروەها سوپاسی خۆمان ئاراستەی بەڕێز دکتۆر فوئاد هەناری و ئەندامانی پێشوی ڕیکخراو دەکەین کە لە ڕۆژانی سەخت و پێویست ڕۆڵی خۆیان نواند بە هاوکاریکردنی زانکۆکانی کوردستان ، هیوادارم لە ئایندەدا پەیوەندیمان بەهێزتر بێت بۆ بەرەو پێشبردنی خوێندنی باڵا لە کوردستان . لەگەڵ ڕێزدا

د. ئدریس هادی سالح / وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

**نامەیەک بۆ وەزیری خوێندنی باڵا لە کوردستان**

سەرۆکی کۆمیتەی "شیک" نامەیەک ئاراستەی دکتۆر ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا لە کوردستان دەکات ئەمەش دەقی نامەکەیە

بۆ برای بەرێز و خۆشەویست دکتۆر ئیدریس / وەزیری خوێندنی باڵا لە کوردستان

.دوای سڵاو هیوای خۆشیتان بۆ دەخوازم و هەرگیز سەرکەوتوبن

برای بەرێز حەزم کرد ئاگادارتان بکەم کە لە بەرواری 10/03/2007 دا کۆمیتەیەکی نوێ هەڵبژێردرا بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی "شیک" لە لەندەن. ئەندامانی کۆمیتەی نوێ بریتین لەم بەڕێزانەی خوارەوە
سەرۆک دکتۆر شیروان نوری غەفور
ئەندام و لێپرسراوی بەشی زانستی دکتۆر هێمن قادر موفتی
ئەندام و لێپرسراوی بەشی پزیشکی دکتۆر فریاد حەوێزی
ئەندام دکتۆر بەرزان ئەکرەم
ئەندام محەمەد خەیلانی

جەنابتان وەک ئاگادارن رێکخراوی "شیک" لەماوەی پازدە ساڵی ڕابوردودا توانایەکی تایبەتی بەکار هێنا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ زانکۆکانی کوردستان لە رۆژانی پێویستدا وە پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی جیهاندا وەک پێناساندنی زانکۆکانی کوردستان بە رێکخراوی زانکۆکانی جیهان لە پاریس وە پیناساندنی کۆلیژە پزیشکێکان بە General Medical Council لە بریتانیا.

ئێمە وەک دەستەی نوێ دوپاتی دەکەینەوە کە رێکخراوەکەمان بەردەوام دەبێت لە خۆماندوکردن لە پێناوی گەشەکردنی زانست لە کوردستان وە بەتاییەت لەگەڵ زانکۆکاندا

بەڕێز...حەز ئەکەم کە پێت ڕابگایەنم لەکاتی نوسینی ئەم نامەیەدا "شیک"پێنج پسپۆڕی پزیشکی دەنێرێتەوە بۆ زانکۆی پزیشکی هەولێر بۆ ئامادەبون لە تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشی ئەم زانکۆیە لە سەرەتای مانگی شەش دا وە هەروەها لەنامە گۆڕینەوەداین بۆ وەرگرتنی مافی ئەندامێتی بۆ زانکۆی پزیشکی هەولێر لە گەڵ ڕێکخراوی زانکۆکانی جیهان

کۆمیتەی "شیک" ئاگادارە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کوردستان کۆنفرانسێکی گەورە دەگێڕێت لە مانگی سێپتەمبەری 2007 دا ، جا بۆ ئەم مەبەستە "شیک" پێخۆشحاڵ دەبێت کە ڕۆلی تایبەتی خۆی ببینێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنو پێشخستنی زانست لە کوردستان

ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی هەمو کارێک کە لە خزمەتی زانست و قوتابیدا بێت لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان. زۆر سوپاس

براتان / د. شیروان نوری غەفور

## پرسیار گۆڕین

لە کاتی تاقیکردنەوەکانی بەشی جوگرافیا لە زانکۆی کۆیە لە ڕۆژی 13/6/ 2007دا دەردەکەوێت کە پرسیارەکان گۆڕدرابێتن کە ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە دروستبونێک لە نێوان مامۆستا حوسەین مەدەنی کە مامۆستای وانەکەیە لەگەڵ د. جەبار قادر کە ڕاگری کۆلیژە لە زانکۆی کۆیە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیەکی کۆن کە هەبوە لە نێوان ئەم دو زاتە دا

## ئابونەی ساڵانە

ڕۆژی 13/6/2007 ڕێکخراوی شیک بڕی 4925.00 یورۆ دەخاتە سەر حسابی ڕێکخراوی کۆمەڵەی زانکۆکانی جیهان. ئەم پارەیە ئابونەی ساڵانەی زانکۆکانی کوردستانە لە ناو ئەو ڕێکخراوەدا.. شایانی باسە کە مانگی ڕابوردو زانکۆی پزیشکی هەولێر وەرگیرا بە ئەندام و ئابونەی شەش مانگیان دا کە بریتی بو لە 625 یورۆ

## مان گرتن

شەوی دوشەمە ڕێکەوتی 11/6/2007 قوتابیانی بەشی ناوخۆیی ئازادی سەر بەزانکۆی سەلاحەدین مان دەگرن و ڕێگەی سەرەکی عەینکاوە دەگرن و ڕێگە بە تێپەڕبونی ئوتومبێل نادەن بەهۆی نەبونی کارەبا بۆ سێهەم جار لەهەفتەیەکدا

## هەڕەشە

سەعد سوعاد یونس کە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە و قوتابیە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان، لە رۆژی 10/6/2007 هەڕەشەی کوشتن لە مامۆستا بەلقیسە عەلی دەکات لەبەرئەوەی لەدوای نیوەی ساڵ وەرگیراوە و نمرەکانی کەمەو دەترسێ لەوەی دەرنەچێ. وەک دەڵێن ئەم قوتابیە کە ئەندامی یەکێتی قوتابیانە کەس ناوێرێت قسەی لەگەڵدا بکات و تا ئێستاش هەڕەشەی لەچەند مامۆستایەکی تر کردوە

## بەڕێز مام جەلال لە زانکۆی کامبرج

رۆژی 11/5/2007 لە زانکۆی کامبرج بەڕێز مام جەلال سێمینارێکی لە سەر ژیانی سیاسی و خوێندکاری خۆی بە مامۆستایان و قوتابیانی ئەو زانکۆیە پێشکەش کرد . ڕێکخراوی "شیک" بە باشی دەزانێت کە زانکۆکانی کوردستانیش هەوڵ بدەن بۆ پەرەسەندنی ئەم جۆرە سێمینەرانە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کورد لە کوردستان

**ژمارەیەك مامۆستایانی زانكۆی سەلاحەددین هەرەشەی بەشداری نەكردن لە تاقیكردنەوەكانی خولی دووەم دەكەن**

ژمارەیەك مامۆستای زانكۆی سەلاحەددین هەرەشەی بەشداری نەكردن لە تاقیكردنەوەكانی خولی دووەم دەكەن و خۆشیان بە ئەندامی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان نازانن ، ئەگەر داواكاریەكانیان جێ بە جێ نەكرێ .

ئەو ژمارە مامۆستایە لە بەیاننامەكەدا گلەیی لە وەزارەتی دارایی دەكەن كە وەزیری دارایی بریاری سەرۆكی حكوومەت جێ بە جێ ناكات. بریاری سەرۆكی حكوومەت سەروانەكان لەكاتی خۆیدا بگات كە لە مانگی شوباتەوە تا ئێستا نەدراوە. دیسان لە بەیاننامەكەدا ئاماژە بە جیاوازی نێوان زانكۆكانی كوردستان دەكات ( كە تا ئێستا هیچیان لێ نەبراوە و بۆیان پتركراوە و كرێی سەروانەكان مانگانە دوا ناخرێت) .

لە كۆتاییدا لە بەیاننامەكەدا ئەو ژمارە مامۆستایەی زانكۆی سەلاحەددین چوار داواكاریان خستۆتە ڕوو لەگەڵ هەرەشەكردن لە بەشداری نەكردن لە تاقیكردنەوەكانی خولی دووەم (4_9_2007) ، هەروەها ئامادەیی خۆشیان دەربریووە كە ( تەنانەت هیچ سەروانەیەك بڵێینەوە)

**زانكۆی ئەمەریكی لە سلێمانی 250 خوێندكار بۆ ساڵی نوێ وەردەگرێت**

بەرپرسی پەیوەندیەكان لە زانكۆی ئەمەریكی لە-سلێمانی، رایگەیاند كە زانكۆی ئەمەریكی لە سلێمانی دەستی كردووە بە وەرگرتنی خوێندكار بۆ هەر ساڵێكیش 250 خوێندكار وەردەگرێت, وتیشی "وەك بریارە یەكەم ڕۆژی ساڵی خوێندن لە زانكۆی ئەمریكی لەعێراق - سلێمانی لە ناوەراستی مانگی تشرینی یەكەمی 2007 دەست پێ دەكات

زانكۆ پێشبینی وەرگرتنی 250 خوێندكار دەكات بۆ هەر ساڵێكی خوێندی تازە، هەر لەم دەستپیكەوە زانكۆ بوارەكانی بەكالوریۆسی بەڕێوە بردنی كار لە بەڕێوە بردنو خوێندنی رامیاری، بەكالوریۆسی زانست لە سیستمی كۆمپیوتەرو تەكنەلۆژیای زانیاری پێشكەش دەكات. بەرپرسی پەیوەندییەكان ئاماژەی بەوەشدا كە "زانكۆكەیان لە مانگی داهاتوودا دەرگای وەرگرتن دەكاتەوە بۆ خوێندنی ماستەر لە بواری بەڕێوەبردنی كارو بەڕێوە بردنی گشتی.

شایانی باسە زانكۆی ئەمریكی دەزگایەكی ناسودمەندە، ئەمساڵ لە سلێمانی كراوەتەوەو بۆ خوێندنی بەكالۆریۆسو خوێندنی باڵا لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا پشت بەشێوازی فێركردنی ئەمریكی دەبەستێت.

**نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە**

نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە ئەم ساڵ لە بەریتانیا نرخی قەلەمونی بەرزكردۆتەوە بۆ پەنجا پاوەن . لە یەک ڕۆژدا...لە رۆژی 12/11/2007 زیاتر لە 22000 قەلەمون لەناوبران كە مەترسی توشبونیان بە ڤایرۆس لێدەكرا . ساڵانە بازاڕی قەلەمون لە بەریتانیا نزیكەی 450 ملیۆن پاوەند بۆ ئیكۆنۆمی دروست دەكات

**منداڵێكی چوار دەست و قاچی**

لاكشمی تاتاما - منداڵێكی دوو ساڵەیە لە شاری بەنگەلۆر لە هندستان نەشتەرگەریەكی سەركەوتویان بۆ ئەنجامدا. لاكشمی كە لە دایک دەبێت چوار دەست و چوار قاچی دەبێت تا دوو ساڵ بەو جۆرە دەمێنێتەوە تا نەشتەرگەرێكەی بۆ دەكەن. بە پێی وتەی دكتۆرەكان نەشتەرگەریەكە زۆر سەركەوتوبوە ئێستا لاكشمی لە خەستەخانە لەژێر چاودێریدایە وەک منداڵێک ئاسایی دوو دەست و دوو قاچی هەیە. ئەوەی شایانی باسە یەكێک لە خوداكانی هندیەكان چوار دەست و چوار قاچی هەبوە خەڵكی شارۆچكەكە وایان زانیوە كە خوداكەیان گەڕاوەتەوە